## شیعرێکی کوردیی دیکەی

# ئەبولقاسم

# لاهووتی کرماشانی

## (شاعیری شۆڕشگێڕی کورد)

ئەنوەر سوڵتانی

سەرەتای ساڵی 2009

ئەبولقاسم لاهووتی کرماشانی(1887 - 1957) ڕوخسارێکی ناسراوی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران و سۆڤیەتی سەردەمی ستالینە. لاهووتی هەروەها شاعیرێکی ناودار و خاوەن دیوانی فارسییە و بە یەک لە گرنگترین شاعیرانی چینی کرێکاری ئێران و تاجیکستان هەروەها بە یەکەم پێشرەوی نوێ کردنەوەی شیعری فارسی و ئازادکردنی لە بەند و بەستی عەرووزی دەناسرێت. کۆمەڵەی شیعرە فارسییەکانی لاهووتی چەندەها جار لە ئێران و سۆڤیەت چاپ کراون، گەرچی بەهۆی هەڵوێستی توند و تیژی شاعیرەوە بەرانبەر بە دەرەبەگ و سەرمایەدار و شا و مەلا و ئایین، جگە لە هەندێك بڕگەی مێژوویی، هەرگیز بە ئازادی لەبەر دەستی خوێنەرانی ناوخۆی ئێراندا نەبوون.

لاهووتی لە کرماشان لە دایك بووە و لە مۆسکۆ کۆچی دوایی کردووە؛ دایکی لە هۆزی سەنجابی و باپیرانی باوکی خەڵکی باشووری ئێران بوون، کە لە شاری "بیهبەهان" ەوە پەڕیوەی "تویسرکان" و لەوێوە کرماشان ببوون. باوکی لاهووتی (میرزا ئەحمەد ئیلهامی) شاعیر بووە و دوو کۆمەڵە لە شیعرە فارسییەکانی لە کرماشان و تاران چاپ کراون. خۆیشی ڕێچکەی باوکی هەڵگرتووە و بە فارسی شیعری گوتووە.

ژیان لە کرماشانی سەرەتاکانی سەدەی بیستەم و هات و چۆی نێو خاڵوان و بەڕێوەبردنی هەندێك ئەرك و کار بۆ سەرەك هۆزانی سەنجابی کورد[1]، کاتێك لەگەڵ زەوقی شاعیرانەی لاهووتیدا پێکەوە دادەنرێت، ئەو پرسیارە لەبەردەمی لێکۆڵەرەوەی ژیانی لاهووتی قوت دەکاتەوە کە چۆن دەبێ گەنجێکی هەستیاری لە باوەشی کورداندا گەورە بوو، شیعرێ تەنیا بە فارسی گوتبێت و زمانی زگماکی بە تەواوەتی وەلا نابێت.

کاتێك کە منیش٦-٧ ساڵێک پێش ئێستا دەستم بە کۆکردنەوەی بەڵگە بۆ نووسینی کتێبێك لەمەڕ لاهووتی کرد، گەڕان بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارە بەشێکی گرنگی کارەکەمی پێک دەهێنا ولەخۆم دەپرسی:

منداڵی بنەماڵەیەکی هەژار لە گەڕەکی 'ئاوشۆران' ی کرماشان کە لە شەڕە گەڕەکی منداڵاندا "ڕەجەز" واتە شیعری شەڕ و ئازایەتی بۆ

هاندانی منداڵانی هاوگەڕەکی خۆی گرتووە و درەنگتر، لە سەردەمی لاویەتیدا لاسایی شیعری ئایینی - دەروێشی حەیرانعەلیشای کورد (٢) ی کردۆتەوە، دواتر لە سلێمانی و کەرکووك و ئەستەموڵ ژیاوە و هات و چۆی شێخی بەردە قارەمانی کردوە کە ئەودەم لە بەندی ئینگلیزییەکاندا یەخسیر کرابوو(٣)، چۆن دەکرێت و دەگونجێت بە کوردی شیعری نەگوتبێت؟

ئەم پرسیارە، وەك مەنتیق، دەبوایە وەڵامی ئەرێ یی پێ بدرێتەوە، بەڵام وەك گەلێك راستەقینەی دیکەی مێژووی کورد، ئەگەر بەڵگەی لە پشت نەبوایە، لە لایەن نەیارانەوە وەرنەدەگێرا و ئەوە بەشی ئەستەمی کارەکەی منی بو ناساندنی لاهووتی وەك *شاعیری کورد*، پێک دەهێنا.

ئەم گری کوێرەیە سەرەتا بە دەستی مامۆستای بەڕێز محەمەدی مەلا کەریم کرایەوە، کە سەرنجی دابووە ژمارەکانی گۆڤاری ژین چاپی ئەستەموڵ و لەوێدا پارچە شیعرێکی کوردی "لاهووتی خان"ی دۆزیبوەوە و بۆی ناردبووم. (٤)

هەنگاوی دووهەم لەم بوارەدا کاك محەمەد عەلی سوڵتانی هەڵیهێنایەوە. مامۆستا سوڵتانی لە بەرگی سێهەمی کتێبی "حەدیقەی سوڵتانی" دا - کە کۆمەڵەی شیعری شاعیرانی ناوچەی کرماشانە، پارچەیەکی دیکەی شیعری کوردی 'لاهووتی خان کرماشانی' چاپ کرد. (٥)

من ئەو دوو پارچە شیعرەم لە کتێبەکەمدا لەمەڕ لاهووتی بڵاو کردەوە و تەنانەت لەسەر بنەمای هەر ئەو دوو بەڵگە گرنگە، توانیم ناوی کتێبەکە بێنم *"لاهووتی کرماشانی، شاعیری شۆڕشگێڕی کورد"* (٦) و بە بێ ترسی ڕەخنە و ناڕەزایی دەربڕینی ناحەزان، لاهووتی بهێنمە ناو مێژووی شیعری کوردییەوە. کتێبەکە بەو دوو پارچە شیعرەوە بڵاو کرایەوە و منیش پاڵم لێ دایەوە بە هیوای ئەوەی لە دوارۆژێکی دوور یا نزیك دا نموونەی زیاتری شیعری کوردی لاهووتی بدۆزرێتەوە. گەلێکیش بەدوای ئەوە کەوتم بەڵکوو بتوانم چاوم بە ئەندامانی بەجێماوی بنەماڵەی لاهووتی بکەوێت و بزانم گەلۆ شاعیر لە ماوەی ژیانی سۆڤیەتیدا هیچ شیعرێکی بە

کوردی گوتووه یان نا - لەبەر ئەوەی شیعرە دۆزراوەکان تەنێ هی سەردەمی ژیانی ئێران و ئەستەموڵی لاهووتی بوون. بەداخەوە تا ئێستا هەلێکی وام بۆ نەڕەخساوە و هیوادارم کوردانی دانیشتووی سۆڤیەتی پێشوو، یا کەسانێك کە بە سۆراغی "عطیە" خانمی کچی لاهووتی لە فەڕەنسە یا وڵاتێکی دیکەی ڕۆژئاوا دەزانن، شوێنی وەڵامی ئەو پرسیارە گرنگە و شوێنەوارەکانی لاهووتی هەڵبگرن.

هەرچۆنێك بێت، مەسەلەکە لەو دۆخەدا مایەوە، هەتا کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٠٨. لێرەدا برای بەڕێزم کاك حەسەنی قازی - کە بە ژمارەکانی هەمان گۆڤاری ژین چاپی ئەستەموڵ دا چووبۆوە، پارچە شیعرێکی دیکەی لاهووتی دۆزیبووەوە و بۆی ناردبووم. ئەم پارچە شیعرەش کوردییە و هی سەردەمی ژیانی لاهووتییە لە ئەستەموڵ. من بەوپەڕی سپاسەوە بۆ کاك حەسەن، لێرەدا ئەو شیعرە دەخەمە بەرچاوی خوێنەر و هیوادارم برایانی بەڕێزی بنکەی ژینی سلێمانی لە چاپی دووهەمی کتێبی *"لاهووتی کرماشانی شاعیری شۆڕشگێڕی کورد"* دا ئەم پارچە شیعرەش لەگەڵ دوو شیعرەکەی پێشوودا بڵاو بکەنەوە، خۆ ئەگەر بەڵگەی نوێتریش پەیدا بێت، ئەوا کوێر چی دەوێت؟ دوو چاوی ساغ!

بە پێویستی دەزانم خوێنەر پێش خوێندنەوەی شیعرەکە، ئەم زانیارییانەی لەبەر دەست دا بێت :

1. پارچە شیعری یەکەم لە ژمارە ٢٥ی ساڵی پێنجەمی گۆڤاری ژین دا بڵاو کراوەتەوە، واتە هی ئەو بڕگەیەی ژیانی لاهووتی لە ئەستەمووڵ و دەوروبەری ١٩١٩ و ١٩٢٠ ە؛

2. پارچە شیعری دووهەم کە مامۆستا محەمەد عەلی سوڵتانی (لە ساڵی ٢٠٠٠ دا) بڵاوی کردۆتەوە، ڕێکەوتی بۆ دیاری نەکراوە و هێوادارم مامۆستای بەڕێز دواتر، بە مەزندەش بێت، دەست نیشانی ڕیکەوتی هۆنرانەوەی هەڵبەستەکە بکات؛

3. پارچە شیعری سێهەم لە ژمارە ٢٣ی گۆڤاری ژین چاپی ١٩١٩/٨/٢٨ ی ئەستەموڵ دا بڵاو کراوەتەوە.

**تایبەتمەندی شیعرەکان:**

١. دیارە پارچە شیعری یەکەم بە ماوەیەکی کەم دوای شیعری سێهەم چاپ کراوە دوورنییە دوای ئەویش گوترابێت؛ ئەم دوو شیعرە، بە گوێرەی ناوەڕۆک گەلێك لە یەکتر نزیکن - واتە هی سەردەمێکن کە شەڕی یەکەمی جیهانی تازە کۆتایی هاتبوو و لاهووتی - وەك لایەنگری بە تاو و تینی ئاڵمانیا و عوسمانی، بە قەڵەم و تفنگ دژایەتی ئینگلیزییەکانی کردبوو و لە ئەنجامدا کرماشانی ژێر دەسەڵاتی ئەوانی بەجێ هێشتبوو و دوای مانەوەیك لە سلێمانی و کەرکووك و مووسڵ، لە ئەستەموڵ نیشتەجێ ببوو.(٧)

لەو سەردەمەدا، لاهووتی ئێرانیچییەکی توند و تیژ و لایەنگری پاراستنی یەکیەتی گەلانی ئێران و یەکپارچەیی خاکەکەیەتی و هەر هەنگاوێکی گەلانی دانیشتووی ئێران لە پێناو سەربەخۆیی نەتەوایەتی، بە فیتی ئەمپریالیزم دەزانێت و ڕێبەرانی بزووتنەوەیەکی ئەوتۆ بە دارەدەستی ئینگلیزییەکان دادەنێت. ئەم حوکمە، کوردیش دەگرێتەوە و لاهووتی لە هەردوو پارچە شیعرەکانی گۆڤاری ژیندا بانگی کورد دەکات لەگەڵ گەلانی دیکەی ئێران یەك بگرن و فریوی 'بێگانان' نەخۆن، کە بەگوێرەی قسەی ئەو، دەیانەوێت لە بەژنی "وڵاتی دایك" جیایان بکەنەوە - هەڵوێستێك کە لە سەردەمی ژیانی سۆڤیەتی لاهووتیشدا بەردەوام مایەوە و گەیشتە ئەنجامی نووسینی وتارێك بە ڕووسی کە تێیدا بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردی وەك بەشێك لە سیاسەتی ئەمپریالیستەکان بۆ بنیات نان و هاندانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی گەلانی بچووك، مەحکووم کرد و ڕێبەرانی نیشتمان پەرەستی کوردی بە فریوخواردووی ئەو سیاسەتە ناساند.(٨) بە گوێرەی بۆچوونی ڕێزدار د. جەبار قادر، ئەو وتارە گەلێک زوو وەرگەڕایە سەر زمانانی دیکەی جیهان و شوێنی گەلێك نەرێ یی دانایە سەر ڕەوت وهەڵوێستی حزبە کومۆنیستەکانی وڵاتانی نزیك بە

سیاسەتی سۆڤیەت بەرانبەر بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد و جووڵانەوەی نەتەوایەتی کوردیان لە پشت چاویلکەی ڕەشی ئەو وتارەوە دەدیت.(٩)

بەداخەوە، ئەو "ئێران"ە خۆشەویستەش وا لاهووتی و خەڵکانیتری وەک ڕەشیدی یاسەمی بانگاشەیان بۆ دەکرد، نە مافێکی سیاسی بە کورد ڕەوا دیت و نە ئاوەدانی و پێشکەوتێکی بە دیاری هێنایە کوردستان. لە سیاسەتی ئێرانییەکاندا ئەوەی بەشی کورد بوو، پەت و سێدارە و زیندان و ئەوی بۆ کوردستان بڕایەوە، وێرانی و شەڕ و دواکەوتوویی ئابووری بوو. ئەو 'ڕەزاخان' ەی وا بە ماوەی سێ ساڵێک دوای گوترانی ئەم شیعرەی لاهووتی، بوو بە "ڕەزاشای کەبیر"ی ئێرانییەکان، جگە لە یاساخ کردنی زمانی نەتەوایەتیی کوردان، گۆڕینی بە زۆرەملەی جل وبەرگ و کڵاو و پێڵاو وپشتێن و تاسکلاوی ژن و پیاوی کورد و بە فارسیکردنی ناوی گوند و شار و چیاو ڕووباری کوردستان و ئیعدام و زیندانی و شاربەدەرکردنی کەسایەتییە ناسراوەکانی کورد لە لوڕستان و ئیلامەوە تا جەلالییەکانی ماکۆ، هیچ دیارییەکی دیکەی بۆ کورد نەهێنا. خۆ لاهووتیش نەماوە لێی بپرسین و بڵێین براله! تۆ دەتەویست "کرمانج" ی ناو خاکی عوسمانیش بەهەڵەداوان بێن و ببنە ئێرانی بۆ ئەوەی ڕەزاشا و کوڕەکەی و پاشان خومەینی ومەلای لابەلای قوم هەڵیاندێرنە خۆراسان و سمنان و وەرامین و لەوێ وەک هۆزی گەورەی چەمشگەزەک لەناو "برا" فارسەکانیاندا بیانتوێننەوە؟ ئیتر سەردەمی هۆشیاریی گەلی کوردە و ئەو دۆستایەتییەی مام ورچ ئەستەمە کارامەیی مابێت!

پارچە شیعری دووهەم کە کاك محەمەد علی سوڵتانی چاپی کردووە، بە گوێرەی ناوەڕۆك هی ساڵانێکی پێشتر، واتە سەردەمی ژیانی لاهووتی لە کرماشانە، رووی قسەشی لە کەسایەتییەکی هەمان ناوچە، واتە 'سلێمان خانی زەنگەنەی مووسا نارنجی'(١٠) یە. ناوەڕۆکی ئایینی شیعرەکە گومان لەوەدا ناهێڵێت کە لە ساڵانی پێش چوونی لاهووتی بۆ تاران و ناسیاوبوونی لەگەڵ بزووتنەوەی جەنگەڵ و مەشرووتە و بیرۆکەی سوسیال دیموکراسیدا گوترابێت و بەم هۆیەوە، دوور نییە هی نێوان

ساڵانی ۱۹۰۰ و ۱۹۰٤ بێت، کە بەشوێنیدا لاهووتی چوو بۆ تاران و لەگەڵ کەسانی وەک 'حەیدەرعەمووئۆغڵی' و 'کۆلۆنێل محەممەد تەقی خانی پەسیان' ناسیاوی پەیداکرد و سەری لە "جەنگەڵ"ی 'کوچک خان' و 'ئیحسانوڵلاخان' و "شۆڕشی سوور" ی ژاندرمە لە تەورێز دەرهێنا و ئایینی بە تەواوەتی بە تاقەوە نا.

شیعری دووهەم - کە بێگومان کۆنترینی ئە سێ یە و هی سەردەمی ژیانی لاهووتی لە کرماشانە، ڕەنگ وڕووی شیعری ناوچەی گۆران و کەلهوڕی پێوە دیارە؛ ناوەرۆکی ئایینی –سۆفییانەی هەیە و لە خانەی لاسایی کردنەوەی شیعرە کوردییەکانی "حەیرانعەلیشا" (پێشتر) دا جێی دەبێتەوە واتە ئەو سەردەمەی کە لاهووتی لە کرماشان دەروێشی خانەقای سەفیعەلیشا بوو. شیعرەکە بۆ 'سلێمان خانی مووسا نارنجی' (پێشتر) گوتراوە کە بە گوێرەی ناوەرۆکی قسەکانی لاهووتی، دەبێ دەروێشێکی هەمان خانەقا و شاعیرێکی خاوەن توانا بووبێت، لەبەر ئەوەی بە 'سەعدی دووهەم' و 'دووهەم شاعیری دوای نیزامی' ناوی لێ دەبات. گرنگایەتیدان بە 'کەلام' و بە *'هۆکاری خوڵقانی مرۆڤ'* و *'وەدیعەی جەهان ئافەرین'* زانینی، هزری شاعیر لە بیری فەلسەفیی ڕێرەوانی ئەهلی حەق نزیک دەکاتەوە. ئەوەش شتێکی سەمەرە نییە. لاهووتی لاو لەو ساڵانەدا بەشوێن وەلامی پرسیارە سەرەکییەکانی لە پێناو ناسینی 'بوون و نەبوون' و 'ژیان و مەرگ' و 'حەقیقەت و مەجاز' و 'ڕاست و ناڕاست' دا، وێڵ بوو، بۆ دۆزینەوەی وەڵامی پرسیارەکان سەری بە هەموو شوێنێکدا دەکرد، و پەلی بۆ هەموو لایەک دەهاویشت: فەقێی مزگەوت و شیعەی ئیمام حوسەین بوو و لە مانگی محەڕڕەمدا بۆ مەرگی حوسەین زنجیری لە شان و پشتی خۆی دەکوتا(۱۱)؛ دەروێشی حەیرانعەلیشای کورد بوو و بە شان وباڵی ئەو و خانەقا و شێوازی فیکرییەکەیدا هەڵدەگوت(۱۲)؛ دەبوو بە بەهایی و دەیەویست بەهائوڵلا موعجیزە بۆ دەم وددانی باوکی بنوێنێت(۱۳)، دەچووە ناو مەحفیلی 'ماسۆن' ەکانەوە و بە پیتاکی ئەوان دەچوو لە تاران دەرس بخوێنێت(۱٤). بە کورتی، لاهووتی خەریکی ئەزموونکاریی و ڕێباز دۆزینەوە بوو و ئاشکرایە ئایینی ئەهلی حەق لەو سەردەمە و بە تایبەت لە

ناوچەکانی دەوروبەری کرماشاندا 'ڕۆحێکی شامیل' بوو، کە بە تان و پۆی بەشێکی زۆری ناوچەکە و هەست ونەستی خەلکانێکی زۆردا گەڕابوو و شوێن هەڵگرتنی لاهووتی لەوان و تەنانەت شوێن کەوتنی ئەوان، نەک هەر لە هەستیارێکی وەک لاهووتی و ڕۆحی تینووی حەقیقەتی ئەو دەوەشایەوە، تەنانەت ئەگەر وا نەبوایە، سەیر و جێگەی پرسیاری ئەمڕۆی ئێمە دەبوو.

زمانی بەکارهاتووی ناو شیعرەکە پاراو و بێ گرێ وگۆڵە، بەڵام دارماڵی ووشە و زاراوە و تەعبیری سۆفییانەی عەرەبییە. فۆڕمی شیعرەکە عەرووزی و خاوەن ڕیتمێکی خۆشە و زیاتر لە شیعرێکی فۆلکلۆریی بڕگەیی کوردی دەچێت، کە لەوێشدا کێش و تەنانەت هەندێک جار، سەرواش ڕەچاو دەکرێت و هەر بەم بۆنەیەوە شان لە شانی شیعری عەرووزی دەدات ودەبێتە ئەو. (١٥)

٢. پارچە شیعری یەکەم و سێهەم هی سەردەمی ژیانی ئەستەمووڵی لاهووتین - سەردەمێک کە شاعیر لە کرماشانەوە چووبووە تاران و ببوە ناسیاوی بیری پێشکەوتنخوازی ئەو ساڵانە و خۆی لە دەست مۆتەکەی ئایین ڕزگار کردبوو، ئینجا گەیشتبووە ناو ڕیزی ژاندرمەی 'یەپرم خان' و پاشان ژاندرمەی 'پەسیان'ەوە، دوای تاوانبارکران بە کوشتنی دووکەس لە نزیک شاری 'قوم' یش، هەڵاتبوو و لە ئەستەمووڵ گیرسابووەوە و لەوێ لەگەڵ کوردانی باکوور و ڕووناکبیرانی کۆمەڵەی 'اتحاد و ترقی' دا پەیوەندی بەستبوو. لەو سەرەتایەی وا گۆڤاری ژین بۆ چاپی شیعرەکەی نووسیوە و ئەو ڕێزەی وا لە شاعیری گرتووە و بە *'ئەدیبی بەڕێزی کوردستانی ئێران'* و *'شاعیری شوهرەت شوعار'* ی ناو بردووە، هەروەها ئەو داواکارییەی وا بۆ ناردنی شیعری دیکە لێی کردووە، دەردەکەوێت کە پەیوەندێکی باشی لەگەڵیاندا بووبێت. تەنانەت لاهووتی پێش چوونە ئەستەمووڵێش، لە سلێمانی و کەرکووک لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد ناسیاویی پەیدا کردبوو و چاوی بە شێخ مەحموودی نەمر کەوتبوو. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانە، نەک هەر دڵی بۆ کوردستان و خواستە نەتەوایەتی- سیاسییەکانی گەلی کورد لێی نەدەدا،

بەڵکوو دژی ناسیۆنالیزمی کورد دەوەستا و بە پێچەوانە، ئێرانیچییەکی بە تاووتینی وای لێ دەرهاتبوو، کە*'لە دەردا' ئێران 'جەرگی بریان'* ببوو، و نەک هەر دەیەویست بگەڕێتەوە باوەشی *'ئێرانی دایک'*، بەڵکوو بە شیعر هانی کوردانی تورکیاشی دەدا بە هەڵپەڕکی و چەپڵەڕێزان خۆیان بخەنە باوەشی ئێرانەوە و چیتر *'یەتیم'* نەمێننەوە!

٣. پارچە شیعری سێهەم کەم و زۆر هەمان ناوەرۆکی شیعری یەکەمی هەیە بەو جیاوازییەوە کە بۆ منداڵانی کورد نووسراوە و لە عەینی ئەوەدا بانگیان لێدەکات بچنە قوتابخانە و دەرس بخوێنن، بەرەو ئێران و ئێرانیچییەتیشیان ڕادەکێشێت و هەمان قەوانیان بۆ لێدەدات کە دواتر لە پارچە شێعری سێهەمدا دەیخاتە بەرگوێی بەساڵاچووان. پەیامی ناو شیعرەکە گەلێک ساکارە: *''ئێران وەتەنی کوردە و کورد میللەتی ئێران''* !.

سەبارەت بە لایەنی تەکنیکی شیعری یەکەم و سێهەم دەبێ بڵێم هەردوکیان عەرووزی و خاوەن کێش و سەروای دیاریکراون. لە ڕاستیدا لاهووتی تا ئەودەمەی لە ئێران و ئەستەمووڵ ژیاوە شیعری 'سپی' واتە بێ کێش و سەروای نەگوتوە یا ئەگەر گوتبێتی چەشنە ئەزموونکارییەک بووە و وەک لە کتێبی لەمەڕ لاهووتیدا دەست نیشانم کردووە (١٦)، ڕووکردنە ئەو شیعرە 'ناعەرووزی' یانە لە لایەن لاهووتییەوە، لەژێر کارتێکەریی شیعری بڕگەیی فۆلکۆریی کوردیدا بووە و زۆر واهەیە هەر ئەو دیاردەیەش بووبێتە هۆی پێشوازی کردنی دواتری لاهووتی لە شیعری سپی ئورووپایی.

بە کورتی، ئەو دوو شیعرانە هی سەردەمێکی دوای ژیانی کرماشان و فەقێیەتی و دەروێشایەتی لاهووتین و تێیاندا *'نەتەوە پەرستی ئێرانی'* ملّق ئەداتەوە. شیعرەکان لەچاو پارچە شیعری دووهەم 'کوردانە' تر نووسراون واتە زمانیان پاراوترە. لە شیعری دووهەمدا زوربەی ڤۆکابیولەرییەکە عەرەبییە و لەژێر کارتێکەریی سۆفیایەتی ئیسلامیدا، زاراوە لەکارکراوەکان لە زمانی عەرەبی خوازراونەتەوە؛ بەڵام لە دوو شیعرەکەی ئەستەمووڵدا، شاعیر وەک بیرۆکەی ئایینی وەلاناوە، ووشە و

زاراوەی پەیوەندیدار بەو فیکرەشی کەم و زۆر فڕێداوە یا کەمتری کەڵک لێ وەرگرتوون. لێرەدا لاهووتی عەرب و ڕۆمی (تورک) ی بە یەک چاو سەیر کردوون و بە یەک دارەدەست لێیداون (*"لە شەڕا عەرەب، لە زوڵم ڕۆمیان"* یا: *"هەم تورک هەم عەرەب لەخەوفا ڕاکەن"*)، کە تەواو ڕەگەزپەرستانەیە و لەگەڵ باوەڕی ئینتڕناسیۆنالیستی ساڵانی دواتری ژیانیدا یەک ناگرێتەوە.

زمانی شیعری سێهەم، کە بۆ منداڵی کورد گوتراوە، جیاوازییەکی لەگەڵ زمانی شیعری یەکەم نییە، واتە ؛ووشەگەل' ی نە جیاواز لەویترە و نە ساکارتر. دەڵێی شاعیر شیعرەکەی بەزمان منداڵانەوە بۆ گەورەتر و بەساڵاچووان گوتووە و ئەوەش بەو ڕاستییەدا دەردەکەوێت کە تێیدا بانگی *"ئەی میللەتی کورد"* دەکات نەک زارۆکی کورد و لە*"کرمانج"* بەگشتی دەخوازێت نەک زارۆکی کرمانج کە*"ئیلحاق بە ئێران"**ەوە* بکەن!

بەکورتی بڵێم، وەک زمانی فارسی ناو شیعری لاهووتی لە ساڵانی ژیانی ئەستەموولدا پاکردەتر و خاوێنتر بۆتەوە و بەرەو ئەوە دەئاژوێت خۆی لە بەندی زمانی عەرەبی ڕزگار بکات، لە شیعرە کوردییەکانیشدا هەوڵێکی ئەوتۆ دەبینرێت بەلام کەمتر و لاوازتر. حەماسەت، مێژوو، نەتەوەپەرستی ئێرانی، و خەباتی سیاسی ئەو دیاردانەن کە لە شیعری یەکەم و سێهەمدا شوێنی دەروێشایەتی، سەرسپردەیی موراد و بەگشتی 'ئایین' ی ناو شیعری دووهەمیان گرتۆتەوە.

لە شیعری دووهەمدا شاعیر هەڵگری هەندێک بیر وبۆچوونە کە دواتر بۆی دەبن بە 'بڤە' و 'کفر' و نەک لە شیعرە فارسییەکانی ساڵانی دواییدا دووپاتیان ناکاتەوە، بەڵکوو بەتوندی دژیشیان دەوەستێت. بۆ نموونە لە شیعری دووهەمدا خەڵکی ئاسایی بە ئاژەڵ دەشوبهێنێت (عوام کالانعام) و قسەی شاهان بە شای هەموو قسەیەک دادەنێت (کلام الملوک، ملوک الکلام) و ئەوانە بۆ خوێنەری شیعری دواتری لاهووتی شتێکی سەمەرە و دوور لەباوەڕن. لاهووتی لەناو شاعیرانی فارسدا واهەیە تیژترین زمانی هەبێت بۆ بەربەرەکانی دین و ئایین و مەلا ومزگەوت و شا وحکوومەتی

چینی چەوسێنەر و ئاغا و دەرەبەگ و دەوڵەمەند و سەرمایەدار. شاعێر کەم و زۆر لە هەموو شیعری دیوانەکەیدا بە هیچ شتێک ڕازی نابێت جگە لە فەوتان و لەناوچوونی چەوسێنەران و دامەزرانی حکوومەتی کرێکار و ڕەنجبەران و سەقامگیر بوونی کۆمەڵگای یەکسانی بێ چێنی چەوسێنەر لە ئێران و هەموو جیهان. لە کۆتاییدا نموونەی غەزەلێکی فارسی لاهووتی بۆ ئەو کەسانە دێنمەوە کە کەمتر لاهووتی دەناسن و ناسیاوی بیر وبۆچوون و هەڵوێستی سیاسی- کۆمەلایەتی ئەو نین. شیعرەکە هی سەردەمێکە کە دڵی گەلێک کەس لە جیهان، بە تایبەت لە وولاتانی جیهانی سێهەمدا بەو هیوایە گەرم بوو کە سۆسیالیزم ببێتە دیاردەیەکی جیهانگیر و چەوسانەوە و بێعەدالەتی و هەژاری و نابەرانبەری جێگەی خۆیان بدەنە یەکسانی و دادپەروەری. زمانی شاعیر لەم شیعرە و زۆربەی زۆری شیعری دیوانەکەیدا تیژ و مووقەڵێش و لە حاند چەوسێنەران و دارەددستەکانیان، گەلێک بێ بەزەییە. بۆ خوێندنەوەی شیعرە فارسییەکە، بڕوانە پەراوێزی ژمارە ١٧.

*****

دوای ئەو سەرەتایە، ئەوەش پارچە شیعری سێهەم کە لە ژمارە 23ی گۆڤاری ژین چاپی ئەستەمووڵ، ساڵی 1919 دا بڵاو کراوەتەوە و ڕێزدار حەسەنی قازی لەبەری نووسیوەتەوە و بە سەرەتایەکەوە بۆی ناردووم و من بەوپەری ڕێزمەوە بۆئەو زاتە بەڕێزە، شیعرەکە و سەرەتاکەی ئەو، لێرەدا بڵاوی دەکەمەوە:

***"شیعرێکی ئەبولقاسمی لاهووتی***

***لە گۆڤاری "ژین" ی ئەستەنبووڵ دا***

*ئەو گۆڤارە بە کوردی - تورکی ژمارەی یەکەمی لە 1918/11/7 و دوا ژمارەی، واتە ژمارە 25 ی لە 1919/10/2 دا دەرکەوتووە. گۆڤارەکە ئورگانی نارەسمی "کۆمەڵا پێسکەتنا کوردستانێ" و ساحیب ئیمتیاز و مودیری مەسئوولی "حەمزە" و پاشان مەمدووح سەلیم بووە.*

*ژین، عەدەد 23، 28 ئاغستۆس 1335*

*ژمارەی 23، 1919/8/28*

*کردستانی ایرانی ادبای محترمه سندن شاعری شهرت شعار "لاهوتی خان کرماشاهی" طرفندن مجموعه مزه اهدابیورولان اشبوشعری دلارایی درج صحیفەی مفهرت ایلرو بو گیبی ملی آثاری عالی لرینه، کمالی خواهشله انتظار ایدەرز.*

*وەرگێڕاوی کوردی :*

*ئەم شیعره له بەر دڵانه که له لایەن شاعیری ناودار "لاهووتی خانی کرماشانی" [یەك] له ئەدیبانی بەڕێزی کوردستانی ئێرانەوه به دیاری بۆ کۆمەڵەکان نێرراوه، به شابازییەوه لەسەر لاپەرەی [گۆڤارەکەمان دا] چاپی دەکەین و بەو پەڕی تکاوه چاوەڕوانی گەیشتنی ئەم چەشنه بەرهەمه نەتەوەییانەی لێ دەکەین:*

## لەبەر ڕوحی کورده بچووکان *

خەڵقی کورد بۆ کەسبی شەڕەف حازر جەنگه

ئەی میللەت کورد! هەڵسه، که ئەم نووستنه نەنگه

فەرموویه نەبی: حوببی وەتەن مایەی دینه

مونکیر به خودا ، کافر و مەلعوون و مەلەنگه

هەر قەومێ که ئەسڵ و نەسەبی خۆی نزانت

ڕوی ڕەوشەنی ئەلبەتته سیا وەك شەوەزەنگه

هەم تەنبەڵی و غەفڵەت و هەم عیززەت و ئیقباڵ!

ئەم کارە محاڵاتە و ئەم قافیە، لەنگە

کوردان کە هەموویان "مەدی" و ئەسڵی کیانن

لەم فکرە چلۆن غەفڵەتیان کرد، ئەمە "ڕەنگە"

ئەی کوردی بچووکان! هەموو تاریخ بخوانن

تا بابی خوەتان زوو بشناسن، کە درەنگە

ئیران وەتەنی کوردە و کورد میللەتی ئیران

خەسمی لەگەڵ خاکی وەتەن زیللەت و نەنگە

هەرکەس کە دەڵێ کورد لە ئیران لێ جیا بوو،

یا خائینی کوردانە، وە یا شێت و جەفەنگە

تاریخی مەد و کورد - کە ئەولاد کیانن،

سابیت لە تەکی خەڵقی ئورووپا و فەڕەنگە

کرمانج! ئەدی ئیلحاق بە ئیران بکەی ئاخر

دەست وەقتێ کە مولحەق وە تەن خۆەبوو، قەشەنگە

ئەسڵی مەد و ساسانی و، بیگانە لە ئیران!

ئەم مەسئەلە کەیفییەتی ئائینە و سەنگە

رێگەی تەڕەب و مەیکەدە لاهووتی دەزانێت

ئەمما لە فیراقی وەتەنی حەوسەلە تەنگە

"لاهوتی"

***زارۆکان، منداڵان. ئەم شیعرە بۆ منداڵانی کورد گوتراوە.*

<u>پەراوێزەکان</u>

1) بڕوانە: سنجابی، عەلی ئەکبەرخان (سەردار موقتەدیری سەنجابی)؛ *"ایل سنجابی و مجاهدت ملی ایران"* ، تحریر و تحشیە دکتر کریم سنجابی، فارسی، نشر شیرازە، تهران 1380[= 2001]

2) *"سەید ساڵح حەسەنی نیعمەتوڵلاهی کە ناسناوی 'حەیرانعەلیشا' ی بووە، لە ١٣١٣ ی کۆچی مانگی لە مایدەشتی کرماشان لە دایک بووە، لە گەورەپیاوانی ئەهلی تەسەووف و عیرفانە... لە شیعری کوردیدا پسپۆڕییەکی تەواوی بووە و کۆمەڵەی شیعرەکانی بە ناوی 'کنزالعرفان' لە ساڵی ١٣٣٦ ی کۆچی مانگی لە چاپخانەی شەرافەتی ئەعمەدی کرماشان چاپ کراوە و گوایە یەکەم کتێبی کوردییە کە لە ئێران چاپ کرابێت... لە ١٣ ی جمادی الثانی ١٣٢٣ کۆچی مانگی لە کرماشان کۆچی دوایی کردووە..."* (محەممەد عەلی سوڵتانی، حدیقە سڵطانی، جلد اول، ناشر: کلهر، ١٣٦٤ [١٩٨٥]، ص. ٢٠٦). بۆ ناسینی زیاتری حەیرانعەلیشا، بڕوانە: محمد علی سلطانی، *"کنز العرفان – دیوان حضرت میر محمد صالح الحسنی النعمة اللهی الماهیدشتی"* ، کردی – فارسی، تهران١٣٦٢ [١٩٨٣].

3) بڕوانە سەرەوەتر، پەراوێزی ژمارە ١

4) گۆڤاری ژین، ژمارە 25، ساڵی پینجەم، چاپی ئەستەمووڵ، لاپەڕە ١٨ تا ٢١

5) سوڵتانی، محەمەدعەلی؛ *"حدیقە سلطانی"* ، جلد سوم، نشر سها تهران، ١٣٧٩ [= ٢٠٠٠]، صص.٦٧ تا ٧١.

6) سوڵتانی، ئەنوەر؛ *"لاهووتی کرماشانی: شاعیری شۆڕشگێڕی کورد"*، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٦.

7) سەنجابی، عەلی ئەکبەرخان؛ پێشوو

8) ئەم وتارەی لاهووتی کە ڕێزدار د. جەبار قادر کردوویەتە کوردی، جارێك وەک نامیلکەی سەربەخۆ و بەم ناونیشانە لە هۆڵەندە بڵاو کرایەوە: لاهووتی، ئەبولقاسم؛ *"کورد و کوردستان"*، دوکتۆر جەبار قادر لە رووسییەوە کردوویە بە کوردی و پێشەکی و تێبینی بۆ نووسیوە، چاپەمەنی گلارا، هۆڵەندە، ١٩٩٨. ئینجا وەك پاشکۆ لە کۆتایی کتێبەکەی مندا بڵاو بووەوە. بڕوانە سەرەوەتر، پەراوێزی ژمارە ٦.

9) هەمان سەرچاوە، سەرەتای وەرگێڕ.

*10) "سلیمان خانی زەنگەنەی مووسانارنجی ناسراو بە 'امیرالعشائر'، نازناوی شیعریی 'سولەیمان' و 'فەقیر' و لە گەورەپیاوانی عیلی زەنگەنە ... بوو کە پشتاوپشت نیابەتی ناوچەی مایدەشت و دەوروبەری ئەوێیان هەبوو و بە شاعیری.... ناسراو بوو.... لەگەڵ گەورەپیاوانی وەک...... لاهووتی خانی ناودار ... هەڵس وکەوتی بووە و شارەزای زانستە ئەدەبییەکان بووە.... ئەم شیعرانەی لە وەڵامی ئەبولقاسم خانی لاهووتی کرماشانیدا هۆندۆتەوە:*

*سەهبای تەوحید مەست، سەهبای تەوحید مەست*

*ڕۆی ئەزەل دڵ وە سەهبای تەوحید مەست ....*

*یاوەنا وەپیم 'مەولانانامە' ت*

*نکات ئەشعار، ئەرقام خامەت ...*

*فیردەوسی تووسی، جامی، جەوهەری،*

*نیزامی، حافز، ڕازی، ئەنوەری،*

*شەمس و موحتەشەم، جوودی، قائانی،*

*مەولەوی، ویسال، تووسی، سوڵتانی*

*یەکسان خۆشەچین وە ئەشعارتەن*

*سەرگەشتەی ئەلفاز گوهەربارتەن ...*

*'مەولانا' سەدجار وە فیدای نامت*

*چاکر قابیل نیم وە هام کەلامت*

*'سلیمان' بەس کەرۆی دەعوای عەبەس*

*'خلق الانسان من' تەفاوت هەس*

*ئەر ژ جەفای دوست دڵت غەمبارەن*

*مەدح 'لاهووتی' پێت ئیفتیخارەن*

*لاهووت مولحەقەن وە نوور سەرمەد*

*یاهوو، یامەنهوو، یا عەلی مەدەد!*

محەممەد عەلی سوڵتانی، *"حدیقه سلطانی"*، جلد پنجم، نشر سها، تهران ١٣٨٦ [٢٠٠٧]، صص. ٣٦٠ – ٣٦٤

10) بڕوانە ووتاری *"سەبارەت بە خۆم"* ی لاهووتی، کە سەرەتا لەم گۆڤارە ڕووسییەدا چاپ کرا:

Soviet Literature, No. 9, 1954, pp. 138 – 142

پاشان لەم سەرچاوەیەدا چاپ کراوەتەوە:

Abdulkasim Lahuti, *"About Myself"*, Critical Perspectives on Modern Persian Literature, Edited and Compiled by Thomas M Ricks, Washington DC, Three Continents Press, 1984, pp. 373- 377.

من ئەم ووتارەم لە سەرچاوەی دووهەم وەرگرت و وەرمگێڕایە سەر کوردی و لە ژمارە ٢٨ ی گۆڤاری گزینگ چاپی سوئید (هاوینی ساڵی ٢٠٠٠)، ئینجا لە کتێبی سەبارەت بە لاهووتیدا (بڕوانە سەرەوەتر، پەراوێزی ژمارە ٦) بڵاوم کردەوە.

11)بڕوانە: *"کلیات ابوالقاسم لاهوتی"* ، با کوشش بهروز مشیری، انتشارات توکا، تهران ۱۳۵۷ [۱۹۷۸]، صص ۷۵۰ و ۸۳۸.

12)بڕوانە ووتاری *"سەبارەت بە خۆم"* ، سەرەوەتر، پەراوێزی ژمارە ۱۰

13)هەمان.

14)هەندێک کەس لایان وایە دەکرێت بڕگەکانی هەموو شیعرێکی فۆلکلۆری بکرێن بە ئەفاعیلی عەرووزی و بخرێنە چوارچێوەی یەک لە بەحرە ناسراوەکانی عەرووزییەوە. بە هەمان شێوە بۆچوونی ئەوەش هەیە کە هەموو شیعرێکی عەرووزی دەکرێت 'تەقطیع' بکرێن و بڕگەکانی بژمێررێن.

15) بڕوانە سەرەوەتر، پەراوێزی ژمارە ٦

16)بۆ نموونە، بڕوانە ئەم پارچە شیعرە فارسییەی لاهووتی و هەڵوێست گرتنی لە بەرانبەر ئایین و دەوڵەتی چینایەتی و کرێکار و ڕەنجبەر دا:

سازنده جهان

*دهقان خوراک و فعله جهان را بپا کند*

*بیجا گمان مبر تو که این را خدا کند*

*بی شک و شبهه نیست خدائی، اگرکه هست*

*مظلوم را مسخر ظالم چرا کند؟*

*الله و شاه آلت صنف ستمگرند*

*زاهد ریا پرستد و کار ریا کند*

*سرمایه گر فنا شود، اول امام شهر*

*دست خدا و دامن دین را رها کند*

*دارا به بزم باده و سرگرم ساده است*

*فرصت کجا که فکر بەحال گدا کند؟*

*باید که داس رنجبر و پتک کارگر*

*مظلوم را ز پنجه ظالم رهاکند*

*کو انقلاب سرخ؟ که دارای بیشرف*

*بالا به پیش توده زحمت دوتا کند!*

*نصرت ز اتحاد و و ز علم است و انقلاب،*

*با کارگر بگوی که ترک دعا کند!*

تبریز، شرفخانه، ژانویه ۱۹۲۲

وەرگیراو لە دیوانی لاهووتی (سەرەوەتر، پەراوێزی ژمارە ۱۱)